**(3)**
**باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان لە ئێمە بەختەوەرترن**
هەموو منداڵیکی تازە لەدایکبوو کە دەکەوێتە ناو دەستەکان و کۆشی مامانێکەوە، ناکرێت بە تەنها دیوە میهرەبانەکەی ئەو پێشوازییە گەرمە ببینین کە نکوڵیی لێناکرێت، دیارە پێشوازیکردنی کورێکیش لەگەڵ هی کچێک جیاوازە کە دوای ناوک پرین و قوماتکردنی، کە ئێمە بە یەکەمین قۆناغی پەلبەستکردنمان لە قەڵەم دا و هەر بەوەندەش ناوەستێت، گومانیشمان نەبوو لەوەی کە دواتر بە خنکاندن و دیلکردنی رۆح کۆتایی دێت، زریکەی یەکەم و هاتنی بۆ دونیایەکی تازە و جیا لە منداڵدان و هەناوی دایکە کە کۆرپەلە لەوێدا لەگەڵ بوونەوەرێکی دیکەدا بۆ نۆ مانگ هارمۆنیایەکی بەردەوامی بووە، کە پتر لەسەر زمانی خەڵکی یان میللی بە (رەحم) ناوزەد دەکرێت و قەرز کراوە لە عەرەبی و بێجگە لە منداڵدان ئاماژەیەکە بە سۆز و بەزەیی و میهرەبانی.
هەتا گەر لە ناو ئەو رەحمەدا دڵەکوتێی دایکە و کۆرپەلەکە هاوئاهەنگیش نەبێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە کاریگەرییان بەسەر یەکدییەوە هەیە، ئاسوودەگی یان شڵەژانی هەر کامەیان ئیقاعی رۆحی و جەستەیی ئەویدیکە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و لەوەدایە بیشێوێنێت، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ریتمی لێدانی دڵی خۆی و دایکە لەسەر هەمان ئیقاع و تێمپۆ قورمیش کرابن..ئەو زریکەیە بۆ تێکچوونی ئیقاعێکە کە دواتر و بە درێژایی ژیانمان بۆی دەگەڕێین تاوەکو بیدۆزینەوە..وەلێ ئەفسوس کە رێگاکە هەڵگەڕانە بەسەر شاخی 'جەلجەلە'دا، بە خۆمان و خاچێکیش بە کۆڵەوە، زریکەی یەکەم ونبوونی ئەو ئیقاع و ریتمەیە، لە کۆنەوە وتوویانە: حیکمەتی تێدایە کە کۆرپەیەک لە دامێنی دایکی بەر دەبێتەوە پێناکەنێت، بەڵکو دەداتە پرمەی گریان، فیسیۆلۆژیا وەڵامی زانستییانەی خۆی هەیە، رەنگە لە دیدێکی بوونگەرایییەوە پڕ و بیانووی جیاواز بۆ ئەو زریکەیە بدۆزینەوە کە دەمانباتەوە سەر گەشتێکی درێژخایەن لە تاریکیی منداڵدانەوە بۆ تاریکیی ناو گۆڕ کە پڕە لە ئازار و خوێن و فرمێسک و ئارەقە و رەنجێکی نەپراوە، لەوەدا شاعیرە کلاسیکی و غەمگینەکانی ئینگلیز وای بۆ دەچوون کە گەشتی ئێمە پتر لە فڕینی چۆلەکەیەک دەچێت کە لە تاریکییەوە هاتبێت و بۆ چاوتروکانێک لە پەنجەرەوە خۆی بکات بە ناو ژوورێکی رووناکدا و خۆی بدات بە دار و دیواردا تاوەکو پەنجەرەیەکی دیکە دەدۆزێتەوە بۆ خۆ قورتارکردن: کە دیسانەوە تاریکی بێت و هیچی دیکە. واتا گەشتێک لە تاریکییەوە بۆ تاریکی.. ژیانیش درەوشانەوەیەکی کورتە کە چەندە لە نماییشە یەک خولەکییەکەی 'سەموئێل بێکت' دەچێت: دیمەنی یەکەم: سەر تەختەی شانۆ تاریکە، دیمەنی دووەم: درەوشانەوە و رۆشناییەکی کورتخایەن و ساتەوەختی و پاشان هاوار و ناڵەیەکی کورت کە 'ئاه'ێکە و هیچی دیکە: کە ئاماژەیە بە 'ئاهی پڕ لە رەنجی جەرگیڕی زیندەگی'..دیمەنی سێیەمین: کۆتایی نماییشەکە: تاریکی و خامۆشی بە دوای خۆیدا دێنێت..پایان..!
رەنگە هەوڵی هەموو شاعیرە گەورەکانی دونیا دۆزینەوەی ئەو هارمۆنیایە بێت کە لە ساتەوەختی هاتنە دونیاوە دەیدۆڕێنین، مۆسیقاش بۆ خۆی دۆزینەوەی هاوسەنگیی رۆحێکی نامۆیە بە دونیا، هەر لەبەر ئەوەشە کە 'شێللی'ی شاعیری رۆمانسی ئینگلیزی پرِوای وابوو 'کە هەقە شاعیرەکان فەرمانڕەوای دونیا بن'، رەنگە ئەو داوایەی شاعیر لەوەوە هاتبێت کە شیعر دەتوانێت ئەو هارمۆنی و ئیقاعە بدۆزێتەوە کە مرۆڤ لەناو خۆیدا ونی کردووە، سەرەڕای گەڕان بە دوای هەمان پاکیزەیی و

هارمۆنیی ونبوو لە ناو سروشتدا، بە بیانووی ئەوەی کە تەنها شاعیرەکان دەتوانن ئەو جوانییە بدۆزنەوە کە لە هاوسەنگی و ئاوێتەبوونی هەموو رەگەزەکانی ناو سروشتدا هەیە، بەو بیانووەی کە ئەوان باشتر لە رۆحی دادپەروەری تێدەگەن، چونکە دادپەروەری هیچ نییە بێجگە لە رۆحی هارمۆنیایەک کە مرۆڤەکان لە پای خۆپەرستییەوە بزریان کردووە.

ئیدی تەواو..مەرج نییە مامانەکە بە تەنیا ئەرکی کارئاسانی بێت بۆ خودی زان و لە دایکبوونەکە و ناوک پڕین و قوماتکردن، بەڵکوو مامان دەبێت بە هەڵگری رۆحێکی دیسپلینکراو و جەڕێندراو و لە چوارچێوە گیراو یان گەمارۆدراو کە لەناو خۆیدا هەر هەموو نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان کۆ دەکاتەوە، بۆ من مایەی سەرنجە کە مەلۆتکەکە کچ بێت یان کوڕ بانگ بە گوێیدا دەدەن و هەرایەک دەنێنەوە لەسەر دۆزینەوەی ناوێک کە یەکەمین هەڵبژاردنی سەپاوە بەسەر مەلۆتکەکەدا، لەوە قووڵتر و پڕ ماناتر ئەو بانگ و هاوارەیە کە پڕە لە رێنماییی گەمەی یەکەمی 'رق و خۆشەویستی' کە ئاراستەی مەلۆتکەکە دەکرێت، هەر یەکە لە ژنان و پیاوانی ناو بنەماڵەکە لە راستە خۆی هاوار دەکات: گوێ لە قسەکانی باوکە بگرە و گوێ لە مامت مەگرە.. گوێ لە پوورە فاتم ـ ت بگرە..گوێ لە خاڵە بەکر ـ ت مەگرە.. بە قسەی داپیرە بکە و گوێ لە باپیرە مەگرە.. گوێ لە فلان بگرە و گوێ لە فیسار مەگرە...هتد. دیارە ناوهێنانی ژنان و پیاوانی خانەوادە جۆرێکە لە دابەشکردنی دایک و باوک و نەنک و باپیرە و خاڵ و مام و پلکەکان و کەسانی نزیک بە بنەماڵەکە بەسەر پۆلی 'بەدکاران' و پۆلی 'چاکەکاران' وەک دەستنیشانکردنی ئاکار و خەسڵەتە جوان و ناشیرینەکان.

خودی وەها داوا و بانگەشەیەک هێمابەخشە بۆ سەرەتایەک کە سندووق و قەفەز و تابووتەکانی ئێمە چاوەڕوانی ئەو مەلۆتکەیەن، هەنگاوی یەکەمە بۆ دیسپلینێک کە رێگا خۆش دەکات بۆ وانەکانی ملکەچی و گوێڕایەڵی و پرۆسەیەکی درێژخایەن لە خەساندنی رۆحی هەموومان، هەڵبەت بانگ بە گوێدانی کۆرپەلەکە وەک رووداوێک پڕە لە گاڵتە و خۆشی و بەزمی توورەکردن و دڵنەوایی کەسوکار و خزم و دراوسێ، بەڵام دیوە رەمزییەکەی شاراوە نییە و شایانی شیکردنەوەی زۆرترە، بە لایەنی کەمەوە بایەخی ئەو ساتەوەختەی رێنماییکردنی کۆرپەلەکە کە هێشتا چاو و گوێی نەکراونەتەوە و فام ناکات، کەچی ئێمە پەرۆشی مەشق و راهێنانین لەسەر ئەوەی رایبێنین کە گوێڕایەڵی گەورەکانی خۆی بێت، کە بێجگە لە دەرکردنی 'فەرمان' و 'ئەرک' هیچی دیکە نییە، بە واتا دوای ناوێکی سەپاو بەسەر کۆرپەلەکەدا، فەرمانی بۆ دەردەکەن کامەیانی خۆشبوێت و کامەیان پەسند نەکات: دیسپلینی یەکەم.

لەوەدا ناچارین بگەڕێینەوە ناو سروشت کە هەر هەموو زیندەوەر و باڵندە و گیاندارێکی ئاوی یان وشکانی، پڕبرەدار یان بێ پڕبڕە ئازادترن لەوەی دیسپلین بکرێن، هەر هەموویان دەکەونە دەرەوەی هەموو جۆرە لەقاڵبدان و بازنە و دیسپلینێک، کەواتە هەر لە سەرەتاوە دەزگاکانی بە ناو پەروەردەی ئێمە ساز و ئامادەمان دەکەن بە ناو ئەو توونێلەدا بڕۆین کە ئەوانیدیکە گەرەکیانە، کە لە دوا قۆناغدا دەمانباتەوە سەر تاریکیی پاش کوێربوونی رۆح، گەر وەکو هەموو گیاندارەکانی دیکە لێیان بگەڕێین، لەگەڵ گەشەکردنی بێچووەکاندا، دوای فەراهەمکردنی نان و ئاو، فڕێیان بدەینە ناو ژیان: ژیانێک دەوڵەمەند بە هەزارەها ئەگەری کراوە لەبەردەمدا، بە دوور لە رەوشت و پەروەردەی ناپوختی 'دیسپلینکراو'ی پڕ لە بەند باو و و وابەستەگی و دەسترازە و زنجیر و کۆتی دەست و

پێ و رۆح، بەدەر لە میراتی ملکەچی باب و باپیران، بیر و بۆچوونی پووچ و عەمبارەپۆ و دەرەعەقڵ، مۆراڵێکی تێکەڵ لە رۆحی شوانکارەیی و دەرەبەگی بابسالار کە ئاوێتە بووبێت بە زەبت و رەبتی سەربازیانە و ستەمکارانە، وەگەڕخستنی کارگەکانی خەساندنی کچەکان و کورەکان، کە لێناگەڕێن بوونەوەرێکی تازە لە دەرەوەی قەفەزەکان و تابووتەکان لەدایک بێت، کە دەشێت هەر منداڵێکی تازەبوو بوونەوەرێکی تازەی لێ بخولقێت، پەیامبەرێکی سەرزەمینی، بلیمەتێک لە بوار و کایەیەک لە کایەکانی ژیاندا، هەڵگری پڕێکی زۆر لە وزە و هێزی شاراوە، رۆحپەروەرێکی دەگمەن و تاقانە، خەیاڵبازێک، چراو رۆشنایی بۆ رۆحە تاریکەکان..بەڵێ..هەموو منداڵێک هەتا گەر وەک پرۆژەیەکی مرۆڤپەروەرانە تەماشای بکەیت، دەکرێت ببێت بە کانگای هەزار و یەک خەونی رەنگاورەنگ..سەدەها ئەگەری جوان و ژیانبەخش.

لەوەدا هەر هەموو جۆرە مەلەکان و باڵدارەکان و ماسی و گیاندارەکانی دیکەی ناو رووبار و زەریاکان و باقی زیندەوەر و ئاژەڵە کێوییەکانی ناو سروشت، لە ئێمە بەختەوەرترن، بەو پێودانگەی کە لە سەروەختی لەدایکبوونەوە ناکەونە ناو قەفەزەکان و تابووتەکان کە هەر هەموو یاساو رێساکانی ئامادە بۆ بەندەواری و لە قاڵبدانی ئامادەن، سەدەها داب و نەریت و نۆرمی کۆمەڵایەتی کە پتر بە ناو پرۆسەی خەساندنێکی رۆحی درێژخایەندا دەڕوات کە هەموو تەمەنی ئێمە داگیر دەکات، کە من بە گەشتی تەرمەکانی ناو تابووتەکانی دەزانم تا نیشتەجێبوونی ناو گۆڕەکان، ئادەمیزاد کە یەکەمین جار بیری لە ماڵیکردنی (کەویکردنی) گیاندارەکانی سەر زەمین و ناو ئاو و ئاسمان کردۆتەوە، بە تایبەتی کە لە راوشکارییەوە بۆ قۆناغی شوانکارەیی باز دەدات و دەپەڕێتەوە، هەر ئەو کاتەی کە فێری جەنگ دەبێت بە بەرد و دار، هاوزەمان بیر لەوە دەکاتەوە چۆن سایلی مەلەکان و گیاندارەکان بتوانێت مرۆڤەکان کەوی و ماڵی بکات، بۆ خزمەتی خۆیدا بیانخاتە گەڕ، بە درێژایی مێژوو تا هەنووکە، گەرچی ئامراز و ئامێر و شێوازەکانی کۆیلەبوون گۆڕاون، بەڵام هەرگیز رۆحی بەندەواری و خەساندن و ملکەچی کۆتایی نەهاتووە، رۆحی دەستەڵاتخوازی باوکە ئەبەدییەکان ناسرەوێت و ئۆخەی ناکات بێ بوونی ملیۆنەها کچان و کورانی ئامادە و تەییار بۆ بوون بە کەنیزەک و کارەکەر و کەیبانوو و شوان و گاوان و دەرگاوان و سەرباز و پاسەوانی گوێڕایەڵ و کۆیلە ئاسا، لە هەنووکەدا بەرگەکان و ناوەکان گۆڕاون، بەڵام رۆحی زەلیلی و پەژموردە و ترسنۆک هەمان رۆحە، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین، دیارە ئەوەش بەو مانایە نایەت کە جیهانگیری و رۆحی بەرخۆری و تەقینەوە و شۆرشی تێکنۆلۆژی و بازاڕی ئازاد و هەتا پەروەردەی بە ناو لیبراڵی رۆژئاوا مرۆڤێکی تەواو ئازاد و سەربەخۆی دروستکردووە، بگرە گەمەکانی بە ئامێرد کردن و بە ئامراز بینین و بە رۆبۆت کردنی مەردوومەکان سەراپاگیرترە لەوەی ئاسوودە بین کە لەودیو زەریاکانەوە بەهەشتیان رازاندێتەوە و هەمووان لەو ناز و نیعمەتە بەهرەمەند بووبن. هەر ئەوەشە وایکردووە قۆناغێک نادۆزینەوە کە زانا و دانا و بیریارەکانی رۆژئاوا ترس و دڵەراوکێ و گومانی خۆیان شاردبێتەوە، بۆ هەمیشە عەقڵەکان خۆیان چاودێری هەموو بەرهەمە فیکری و مادییەکانی یەکدیان کردووە.

هێشتا و تا هەنووکە 'مرۆڤی تاک رەهەند' و بەرخۆر داپڕاوە لە رەهەندە رۆحییەکان، هێربرت مارکیوز هەر بە هەمان ناو و نیشان لە ناوەراستی شەستەکان لە کتێبەکەی خۆیدا گومان لە بوونی مرۆڤێکی فرە رەهەند دەکات، گومان لە شارستانییەتی رۆژئاوا لەوەوە سەرهەڵدەدات کە دروستکردنی ژیارێکی ماتریاڵپەرست لەسەر حیسابی کوشتنی ئیرۆس ـ ە کە لە سادەترین پێناسەدا

نەبوونی رۆحێکی ژیاندۆستانەیە، دوا جار دروستکردی مرۆڤێکی غەمگینە کە بوونی خۆی لەسەر مەسرەفگەرایی و خەسارگەری دادەمەزرێنێت.
چەندە ئەگەرەکانی هەڵبژاردن زۆرتر بن، پتر لە گوینە ئەو کەسە ببێت بەو مرۆڤەی خۆی دەیخوازێت، نەک ئەو تووتی و داهۆڵ و مەیموونەی کۆمەڵگا حەزیان پێدەکات، نەک رۆبۆت و ئامێرد، نە مامۆستایەکی داهۆڵ ئاسا، نە فەرمانبەرێکی کینەباز و دڕدۆنگ بە خۆی و خەڵکی، نە شازادەیەکی دەبەنگ و نە بزنسمانێکی ملهوڕ و نە سیاسەتبازێکی خەڵک و خاکفرۆش و نە ئاخوندێکی نەخۆش و ریاکار و نە ..نە..نە..!
ئەوەی ئێمە دەیکەین بە ناوی هەقیقەت و واقیع و نۆرمی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە یاساو رێساکان کە پتر کلێشەی کۆن و بەسەرچوون، بەشێکی زۆریان بە ناوی پیرۆزی ئایدیۆلۆژیاکانەوە دەرخواردی خەڵکی دەدرێن، جۆرێکە لە دەستخەڕۆکردن و بە گەوجکردنی مەردوومەکان، لێرەوە سەرەتای کوشتنی خەون و خەیاڵ و فانتازیا دەست پێدەکات، ئێمە ناتوانین ئاسوودە بین بە ئەزموونەکانی خۆمان گەر هەڵبژاردن نەبێت بەوەی کە تا ئەوپەڕی رێگاکان و دەرگاکان بە رووماندا بکرێنەوە، ئێمە تەنها ئەو کاتە دەبین بە خاوەنی خۆمان و لە ناو قەفەز و زیندانەکانی کۆمەڵگایەکی نەریتخواز دەتوانین بێینە دەرەوە کە خۆمان لە قەرەی هەر هەموو ئەگەرەکان و رووداوەکانی چواردەورمان بدەین، بە واتا زیندەگیکردنێکی بێ ترس و بێ کۆسپ و بەربەستەکانی دروستکراو لە لایەن ئەوانیدیکەوە کە ' ژان پۆل سارتەر' واتەنی: دەکرێت ئەوانیدیکە بۆ ئێمە دۆزەخ بن..!